کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:22

## ئەو کچەی بۆساتی ئارامی... بەرد باران کرا ... بەهرەوەر مەرزانی

کاتێك ئازارەکان دێنە کوڵ و مرۆڤ دەبێتە دڕندەترین گیان لەبەری سەرئەم زەمینە ماناکانی ژیان هیچ بەهایەکیان نامێنی و قێز لەو ڕەفتارانە دەکرێتەوە کەمرۆڤ لەدژی مرۆڤەکانی تر ئەنجامیان دەدات، هەریەك لەئێمە دەیان خەون و خۆزگەو ئومێدی ڕەنگاڵەییمان هەیە بەڵام زۆرجاران هەموو ئەمانە لەنەزانین دواکەوتوویی کۆمەڵگاو دڕندەیی مرۆڤەکانەوە کۆتاییان پێدەهێنرێت و لەگەڵ جەستەیەکی ساردوو سڕو بێنازدا دەخرێنە چاڵێکەوە.



لەوەتەی هەم ناخم ژوورێکی تاریکەو بۆ یەك تروسکە روناکی شەو تاسەحەرو بەیانیش تائێوارە خولدەخۆم و بەدوای ئەو خەونە گەورەیەمدا دەگەڕێم کە کەس نازانی دێتەی یاخود نا، بەڵام من هەرگیز کۆڵنادەم و هەر دەپرسم، کێ دەتوانی بۆچەند ساتێك روناکی بەناخم ببەخشی، کێ دەتوانی لەفەرهەنگی ئەم ژیانە پڕ حەسرەتەدا هەرچی خەم و ناسۆر هەیە تورِیان بدات و لەشوێنیاندا نەمامی خۆشەویستی و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤەکان بنێژێت، کێ دەتوانی رۆحی هەموو ئەو کچانە لەدەست دڕندەیی مرۆڤەکان رزگار بکات کە زەمەنێك خەون بەئارامی و ئاسوودەیی و دوارۆژێکی پڕ لەبەرائەتەوە دەبینن، وەلی حەیفی تا هەنووکەش لەکۆمەڵگاکەی ئێمەدا ژنان و کچان وەکو کۆیلەو کالا سەیر دەکرێن و لەسادە ترین مافەکانی ژیان بێبەشن.

ئەوەی جارێکی تر ویژدانی ئازار دام و بووە هەوێنی ئەو چەند پەیڤەم بڵاو بوونەوەی وێنەی ئەو کچە ئێزیدیە بوو لە مۆبایلەکاندا کە چۆن دوای کوشتنی و بێبەشکردنی لەو ژیانەی کەخۆی دەیویست دوور لەهەموو بەهایەکی ئەخلاقی و ئینسانی لەسەر شەقامێك فڕێدراو پیرو گەنج و منداڵ بەردبارانیان کردوو قێزەونترین دیمەنی مرۆڤایەتییان نیشانی خەڵکدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەسەڵات، یاسا، مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کامیان دەنگێکیان لێبەرزبۆوەو ئەو کارەو سەدان کاری لەوە خراپتری نێو ئەو کۆمەڵگایەیان ریسواکردوو داوایانکرد ئەنجامدەرانیان بدرێنە دادگا.

ئەمرۆ لەم نیشتمانەی کە هەموومان بانگەشەی ئازادی و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسای بۆ دەکەین و بەوڵاتی خەونەکانی ناودەبەین رۆژ نییە تەرمی کچان و ئافرەتان بەگوللە بارانکراوی لەدەشت و دەورو بەری شارەکاندا نەدۆزرێتەوە، تاگەیشتەی ئەوەی بەبەرچاوی هەموو مرۆڤایەتییەوە کچێك بەردباران بکەن و هاوار بۆ شەیتان ببەن کەوا کچێك لەخاچ دەدەن، من نازانم ئەو کەسانە چ دڕندەیەکن، چ مرۆڤ کوژێکن، چۆن ویژدانیان ڕێگەی پێدان بەو دڕندەییەوە مرۆڤ بکوژن، تف لەو مرۆڤانەی کەویژدانیان لەویژدانی سەگی هار دەچێت و، تف لەو یاسایەی کە ڕێگەدەدات کچێك بەزیندوویی بەردباران بکرێت و بەبلۆك و دارو بەرد رۆحی لەجەستەی جیا بکرێتەوە.

ئەگەرچی دوعا ماڵئاوایی لەدۆست و دەستەخوشکەکانی و ئەم نیشتمانە کردوو خوێنی ئاڵی لەژێر بەردوو بلۆك ی نامرۆڤانەی کۆمەڵێکەوە ئاوێتەی خاك بوو بەڵام بکوژانی ئەوو دەیان دڕندەی تری وەکو ئەوان بی گوێدانە یاسا لەم نیشتمانەدا دەسورێنەوە، بۆیە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو شەمشەمە کوێرانەی کە لەدڕندە دڕندەترن چیتر خوێنی کچان و ژنان نەڕژن و چیتر کچ بەزیندوویی بەردباران نەکرێت یاسا بەتووندترین شێوە سزایان بدات. Bahrawar_s@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.